## سەید حەکیم: زانکۆکان هاوبەشێکی سەرکین بۆ چارەسەرکردنی قەیڕانەکانی دەوڵەتی عێراقی

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕێز دکتۆر هونەر عیسای سەرۆکی زانکۆی ئەمەریکی لە کوردستان کرد، لەم دیدارە سەماحەتی گرنگی و رۆڵی ئەو زانکۆیانەی لە دۆزینەوەی بیرۆکە و چارەسەر بۆ کێشەکانی عێراق خستە ڕوو، هەروەها داوای کرد توێژینەوەکان تەنها لەسەر شتی ناوخۆیی و پێکهاتەیی نەبێت بەڵکو شتی دەرەوەش بگرێتەوە.

سەماحەتی ئاماژەی کرد کە مێژووی هاوبەش لەگەڵ گەلی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەرجەعیەتی ئیمام حەکیم (نهێنی پارێزراو بێت) کا تێك بەرگری لە گەلی کورد و پاراستنی خوێنی کورد کرد و داوای کرد ئەو پەویەندییە هەر بەردەوام بێتو نەوەکانی داهاتووش لێی ئاگادار بن لەگەڵ بەردەوام بوون بۆ یەکخستنی دیدی نیشتمانی هاوبەش بەرامبەر دۆسێیە گەورەکان.